# هێزی ئیمە گەورەیە، لە 8ی مارسدا دەبێ خۆی نیشان بدات.

ناسك ئەحمەد

ژنان پیاوانی ئازادیخواز!

هەڵسوراوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان!

8 ی مارسی 2005 لە عێراقدا و لەسەراسەری دنیادا بکەن بە سەنگەریکی بەهێز وپۆلایین  بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ئینسان، مافەکانی ژنان لە کۆمەلگەدا. 8ی مارس بەرز وبەرێز رابگرن، سیمای شارەکان لەم رۆژەدا بکەن بەسیمای 8ی مارس، دەنگ هەڵبرن و وەرنە مەیدان  بۆ ووتنەوەی دروشمی: بژی جیایی دین لە دەوڵەت، بژی یەکسانی ژن وپیاو، بژی ئازادی و یەکسانی تەواوی ئینسانەکان، بژی مافەکانی ژنان، مەرگ بۆ دەوڵەت  ویاسای ئیسلامی، مەرگ بۆ تیرۆرزمی ئیسلامی، مەرگ بۆ داگیرکاری عیراق لەلایەن ئەمەریکاوە...

بەرز راگرتنی 8ی مارس و هەزاندنی کۆمەلگەی عیراق لەم رۆژەدا وەستانەوەیەکی گەورەیە بەرامبەر نەخشە وپیلانیکی گەندەڵ کە ئەمرۆ ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی لە عیراقدا بەئیسلامی و ناسیۆنالیزمی کورد وعەرەبەوە دەیانەوێ بەسەر خەڵکیدا بیهێنن. ئەوان ئەیانەوێ کۆمەلگەی مەدەنی عیراق بە نەخۆشی ئیسلام و قانوونی ئیسلامی گیرۆدەکەن، دەبێ بەر بەم پیلانە بگیرێ، 8ی مارس سەنگەری ئیمەی ئازادیخوازان و ئینسانە دڵپر لەهیواکانە بە ئایندەیەکی باشتر و دنیایەکی باشتری دوور لە هەلاواردن و چەوسانەوە. هێزی ئێمە گەورەیە، هێزی جەماوەریکی ملێۆنی ئاواتەخوازە بە دنیایەکی باشتر. هێزی ئێمە دەبێ لەم رۆژەدا خۆی نیشان بدات، تەواوی دنیا بزانێ، کە لەعیراقدا دەنگیکی تر هەیە، هیزیکی تر هەیە کە چاوی بریوەتە ئایندەیەکی گەش و ئینسانی، ولەبەرامبەر ئەم سیناریۆ رەشەی کە بۆ خەڵکی عیراقیان هیناوە لە جەنگدایە.

8ی مارس رۆژی ئینسانیەتە، رۆژی یەکسانی و ئازادییە.

بژی 8ی مارس، رۆژی جیهانی ژنان.